# دەربارەی ڕۆشنبیرانی عەرەب

خالد سلیمان

garmiane@hotmail.com

لە ناو میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردیدا وێنەی ڕۆشنبیری عەرەب ئامادەبییەکی یەکجار سەلبی هەیە و بە دەگمەن جێگای چەند ناوێك ئەبێتەوە . ئەوانەش کە هەن لە ڕێگای ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی کوردەوە زیاتر بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆیان دەربارەی کورد دەردەبڕن و وادیارە ئەمەش ئەو بۆشاییە پڕ ناکاتەوە کە ناوەندە ڕۆسنبیرەییەکانی ئێمە خوازیارێتی . دیارە وەك چۆن لە ناو ناوەندە عەرەبییەکاندا زۆرینەیەکی ڕاسیست و ناسیۆنالیستی توندڕەو لە دەرەوەی خۆیاندا شتێك نابینن ، یان جیهانبینییان لە ترۆتسکیزمێکی نوێ یان ئایدیۆلۆژیای " برایانی موسڵمان " زیاتر تێناپەڕێ ، ئاوەهاش لە ناو ئێمەدا خەریکە تەوژمێکی نوێی ترۆتسکیانە ڕای گشتی ناوەندە کولتورییەکانی کورد ئەگرێتەوە و واشی لێهاتووە ئەگەر نووسەرێك دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بوەستێتەوە ئەوا یەکسەر بەوە تاوانبار ئەکرێت کە وەك عەرەب بیر ئەکاتەوە . هەڵبەتە ئەوانەی لە ناو عەرەبەکاندا دژی ڕاسیزم و گەوجاییەتی پان–عەرەبیزم و هەژموونی کولتوری " برایانی موسڵمان " ئەوەستنەوە بە جاسوس و بەکرێگیراوی ئەمریگا ناو ئەبرێن . لێرەدا نامەوێ باس لەم نەخۆشییە کوشندەیە بکەم وا خەریکە چوارچێوە عەرەبییەکی ئەپچڕێنێ و ئەبێتە بەشێك لە ژیانی کولتوری و سیاسی ئێمەش ، بەڵکو ئەوەی گرنگە بە لامەوە ئەوەیە کە باسی تەوژمێك لە ناو ناوەندە عەرەبییەکاندا بکەم تا ئێستا کورد نایانناسێت و هیچ لە بارەیانەوە نازانێ . هەمان ئەو نووسەرانەش کە ئەو تەوژمە پێك دێنن دەرگای لاپەڕەی کۆمەڵێ ڕۆژنامەی عەرەبییان لە بەردەم نووسەرە کوردەکاندا کردەوە و ئەتوان بڵێم ئەو ڕێپۆرتاژو وتارانەی لە سەر ئەنفال و هەڵەبجە لە ڕۆژنامەکانی ئەلحەیات و ئەسسەفیر و ئەلموستەقبەل دا بڵاو بوونەوە بەشێك بوون لە هەڵوێستی ڕاشکاوەی کەسانی وەك عەباس بەیزوون و حازم ساغیە و حەسەن داوود و ڕەبیع جابر و وەزاح شەرارە و زۆری تر .

چۆن ئەبێت بڕوا بە ڕەخنەی نەتەوەخوازێکی توندڕەوی کورد بکرێت کە تا ئێستا هادی العلوی ناناسێت ، ئەو کەسەی داوای لێبووردنی لە منالانی هەڵەبجە کرد و تا پێش مردنی باسی کوردستای وەك وڵاتێکی داگیرکراو دەکرد و تەنانەت ڕازی نەدەبوو بڵێی کوردستانی عێراق یان تورکیا یان ئێران . هەر هەمان نموونەی ڕۆشنبیریش کە دڵی بە منالێکی فەلەستینی ناسووتێ لە بەر ئەوەی عەرەبە نازانێ کە کەمایەتییەکی ڕۆشنبیرانی عەرەب هەن باجی یاخی بوونیان دەدەن لە هەوادارانی یەکبون و پان–عەرەبیزم وهەردەم بەوە ناو دەبرێن کە خزمەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا وئیسرائیل دەکەن . لێرەشدا نموونەیەك ڕوون دەهێنمەوە ئەویش شاعیری گەورەی سووری ممدوح عدوان کە پێش ماوەیەك بە نەخۆشی شێرپەنجە ماڵئاوای لە دوونیا کرد. ئەم پیاوە هەموو ژیانی بریتی بوون لە هەڵوێست و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ و لە بەرامبەر پرسیاری کوردیشدا هەرگیز لەوە سڵی نەدەکردەوە باسی دەولەتی سەربەخۆ بۆ کوردان بکات .

ئایا لە ناو ئێمەدا چەند عدوان و علوی و بەیزوون و ساغیە پەیدا بوون ، چەند پردی گفتوگۆ بۆ ئەو کەسانە دامەزرا هەتا زەمینەیەك بۆ دیالۆگێگی ڕاستەقینە لە گەل ڕۆشنبیری عەرەبدا دروست بکرێت ؟ لێرەدا ئەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەو کەمایەتییە عەرەبییەی بە هەواداری ئەمریکا و ئیسرائیل دادەنرێن لە بەرامبەر زۆرینەیەکی میراتگری "ئیبن تەیمییە" دا ، دوور نەبوو تووشی هەمان چارەنووسی سەهرەوەردی بن ، ئەگەر لەم چاخەدا نەژیابن . ئەم نموونەیە لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا تا ئێستا ڕەواجێکی زۆری هەیە و ئەتوانین بڵێین هێشتا ئەم جیهانە –وڵاتانی عەرەب– لە بۆچوونەکانی " ئیبن تەیمییە " ڕزگاری نەبووە ، بەڵام هەمان جیهان نموونەی وەك سەهرەوەردی تیا دەژی و چۆن بەڕەوای ببینین کە "باری عەتوان " نوێنەرایەتی هەمووان بکات ؟!

ئەگەر بەمە ڕازی بین یانی کەوتنە ناو هەمان ئیشکالیەتەوە و سەرکەتنی ئیبن تەیمییەکان ، ئەمەشیان ئەبێتە هۆی تێکشانێك لە هەر پرانسیپێکی مرۆیی کە باسی لێوە بکەین .